گیروگرفتی وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی لای قوتابیی کورد

وریا عزالدین علي و
ئازاد حمه شریف
کۆلیژی ئەدەبیات/ بەشی زمانی
ئینگلیزی زانکۆی صلاح الدین
هەولێر

۱ - پێشەکی:

لەم نووسینەدا مەبەست لە وەرگێڕان ئەوەیە کە دەقێك لە زمانێکی بێگانەوە بگۆڕێتە سەر زمانێکی تر. ئەم کردەیە لێرە تەنها تایبەتە بە وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە (زمانی سەرچاوە) بۆ سەر زمانی عەرەبی (زمانی وەرگێڕراو) لەلایەن قوتابی یە کوردەکانەوە؛ ئەمەش هەڵبەتە سوودو قازانجێکی زۆری دەبێت بۆ فێرخوازانی دیکەی وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی.

ئەوەی راستی بێت، وەرگێڕان راهێنانێکی هەرە بەسوودە لە زانستی زمانەوانی بەراوردکاری‌دا، چونکە لە کاتی وەرگێڕان دا قوتابی بە بەردەوامی رووبەرووی ئەو لێکچوون و جیاوازی‌یانە دەبێتەوە کە لە نێوان زمانی ئینگلیزی و زمانی دایکزایان دا هەیە.

ئەو کۆمەڵە فێرخوازانەی کە ئێمە لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکەین قوتابیانی بەشی ئینگلیزی (کۆلیژی ئادابی - زانکۆی سەلاحەدین)ن. ئەوانە بەلای کەمەوە هەشت ساڵێك ئینگلیزی‌یان خوێندووە. ئەو بابەتەی بۆ وەرگێڕانیش بۆیان دەست نیشان کراوە هەڵبەتە هیچ پێشینەیەکیان (خلفية) لێ نی‌یە.

قوتابی کورد لەکاتی وەرگێڕانی دەق بۆ عەرەبی تووشی گەلێك گیروگرفتی گەورە دێت، خۆجاری واش هەیە تووشی شپرزەیی دێت هەر کە داوایان لێ دەکرێت هەڵسنە سەر تەختەو لەبەرچاوی قوتابیانی پۆل وەرگێرانەکەیان بنووسنەوە ئەو دەمە ترسی ئەوەیان لێ دەنیشێت کە رەنگە تووشی هەڵەی زمانەوانی و رێزمانی و رێنوس ببن لە زمانی عەرەبی دا. هەندێ جاریش کە دەقەکەیان دەخوێننەوە تووشی هەڵەی گۆکردن (pronunciation) دەبن چونکە نە ئەوپیتانە (ط، ظ، ص، ض، ذ، ث) و نە دەنگەکانیش لە زمانی دایکزایاندا هەیە.

مادام لێرەدا قسەمان دەربارەی ئەو قوتابی یە کوردانەیە کە تووشی هەڵەی وەرگێڕان دەبن دەتوانین ئەوانە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش بکەین:

یەکەم: ئەوانەی کە خوێندنیان لەو خوێندنگایانە تەواو کردووە کە بە کوردی خوێندوویانە لەو ناوچانەی کە خوێندنیان بە کوردی بووە زمانی عەرەبیشیان شان بەشانی زمانی کوردی خوێندووە، بەڵام بەگشتی زۆربەی کتێبەکانیان بەزمانی کوردی بووە.

دووەم: ئەوانەی خوێندنیان لە خوێندنگای عەرەبی‌دا تەواو کردووە

لەو ناوچانەی کە دەبوایە خوێندن بە کوردی ببوایە . هەرچەندەش لەوێ زمانی عەرەبی وەك تاقە مادەیەك دەخوێندرێ ،

هەڵبەتە ئەوە روون و ئاشکرایە کە کۆمەڵەی دووەم زۆر لەوەی یەکەم باشترە بەتایبەتی لە قسەکردن و نووسین بەزمانی عەرەبی و لە ئەنجام دا لە وەرگێڕانیش دا . دەبێ لێرەدا رۆڵی تێکەڵ بوون لە بیر نەکەین کە هۆکارێکی بنچینەیی و پێویستە لە پتەوکردنی زمانی عەرەبی دا .

هەندێ قوتابی کوردو کەمایەتیەکانی تریش عەرەبی بە باشی دەزانن چ بە خوێندنەوەو چ بە نووسین لە ئەنجامی تێکەڵاویان لەگەڵ عەرەب زمانەکان یان نیشتەجێ بوونیان لەو ناوچانەی کە زۆربەی بەعەرەبی دەدوێن و خوێندن و خوێندنەوەشیان بە عەرەبی بووە شان بە شانی زمانی دایکزایان . سەرباری ئەم هەمووەش ئەوانەی کە عەرەب نین پێویستیان بە فێربوون و کۆك کردنی زمانی عەرەبی هەیە بە شێوەیەکی ورد دەنا تووشی زۆر گیروگرفت دەبێت لە دوارۆژدا هەرکە داوای لێ دەکرێت دەقێك وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی لە کۆنگرەو کۆبوونەوە دەوڵەتی یەکان دا .

بەڵام ئەمە هەرگیز وا ناگەیەنێت کە شتی رێزپەر لەم مەسەلەیەدا نی یە ، زۆرجار وا هەڵ دەکەوێت کە قوتابییەك لە مەیدانی وەرگێڕاندا دەردەکەوێت هەرچەندە زمانی رەسەنیشی (زمانی دایکزای) عەرەبی نی یە . ساڵی پار شتێکی وا رووی‌دا ، ئەوەبوو کچێکی قۆناخی چوارەم یەکەم دەرچوو لە بەشی وەرگێڕانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موستەنسریەدا . کچەکە کورد بوو هەروا نموونەی تری لەو بابەتەشمان هەیە کە قوتابی یەك دەبێتە سەرتۆپی قوتابی یانی تر لە مەیدانی وەرگێڕان دا و زمانی دایکزاشی عەرەبی نی یە ، بەڵام ژمارەی ئەوانە زۆر کەمە .

ئەمە هەرگیز وا ناگەیەنێت کە ئەو قوتابیەی زمانی دایکزای عەرەبی نی یە بەهەمان رادە تووشی گیروگرفت و هەڵەدێت لە کاتی وەرگێڕان لە عەرەبی یەوە بۆ ئینگلیزی (یان بۆزمانی دایکزای) هەتا ئەگەر ئەو دەقەی وەریشی دەگێڕێت بە زمانی عەرەبی بێت ؛ چونکە ئەو بەهەمان تای تەرازوو لەگەڵ هاورێ عەرەبەکەی خەریك دەبێ بە وەرگێڕانی دەقێك یان پارچەیەکی داواکراو بۆ وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی یەوە بۆ زمانێکی تر ؛ جا دانانەوە لەبەر ئەوەی لێکچوونی زمانەوانی لە نێوان زمانی دایکزاو زمانی ئینگلیزیدا هەیە بە تایبەتی لەلایەنی رستەهەڵنانەوە ، ئەمە وای لێ دەکات ببێتە وەرگێڕێکی بە توانای زمانی ئینگلیزی ولەکارەکەی‌دا بە دەسەڵات دەبێت ئەگەر زمانی ئینگلیزی بە چاکی بزانێ و شارەزای بنج و بناوانی رێزمان و رستەسازی ئەو زمانە بێت .

٢ ـ لێکۆڵینەوەی لەمەوپێش :

هیچ لێکۆڵینەوەیەك تائێستا لەمەر ئەم بابەتەوە نەکراوە ، بۆیە لێکۆڵەرەوان خۆیان بە خاوەن ماف دەزانن کە تەنها کاغەزی تاقی کردنەوەی قوتابیە کوردەکان لە بابەتی وەرگێڕان لە ئینگلیزی یەوە بۆ عەرەبی بکەنە سەرچاوەی سەرەکیان

٣ ـ چەمکی وەرگێڕان و بنەماکانی وەرگێڕانی راست وەرەوان :

وەرگێڕان لە ئینگلیزی یەوە بۆ عەرەبی پێویستی بە پێشینەیەکی زانیاری هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی هەیە . گیروگرفتەکەش لە پێکەوە بەستنی رستەکان و گۆڕینیان بەوانەی کە لەگەڵ دەستوورو رێزمانی عەرەبی دەگونجێن دێتەکایەوە . وەرگێڕ دەبێ خاوەنی تواناو شێوازێکی باشی دەربڕین بێت تا بە باشی بەو ئەرکە هەڵسێت . خۆ زۆر جاریش لە ئەنجامی ئەوەوە بە چەندین گۆڕین و دەستکاری و خستنە سەرو لێ لابردنەوە خەریك دەبێت بۆ ئەوەی مانایەکی دیارو ئاشکرا بخاتە بەر زەینی خوێنەر .

ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە وەرگێڕان بریتی یە لە کردەی گوازتنەوەی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر . کەواتە زمان بربڕەی پشتی وەرگێڕانە . ج . س . کاتفۆرد[1] لە کتێبەکەی «تیۆری یەکی زمانەوانی وەرگێڕان»دا دەڵێت : «وەرگێڕان کردەیەکە بە هۆی زمانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت ؛ واتە کردەی گۆڕینی دەقێکە لە زمانێکی تایبەتی یەوە بە دەقێکی تر لە زمانێکی دیکەدا» . ئەوەش ئاشکرایە کە دەبێ هەر تیۆری یەکی وەرگێڕان پشت بە تیۆری زمان ـ تیۆری یەکی گشتی زمان ببەستێت .[1] »

وەرگێڕان خۆ لە نێوان هەردوو جەمسەری توندگری و دەسکاری‌دا دەبینێتەوە بە پێ ی سروشتی مادە وەرگێڕاوەکەو بە پێ ی خۆبەستنەوە بە بیروباوەری دەستپاکی وەرگێڕان ، کەواتە بە گشتی توندگری لە وەرگێڕانی بابەتە زانستی یەکاندا پێویستە ؛ هەرچەندە دەستپاکی لە وەرگێڕانی شیعردا بە «ناپاکی» دراوەتە قەڵەم . سەرباری ئەوەش وەرگێڕان بە سروشتی ئەو زمانەی دەقەکەی پێ

وەرگێراوە بەستراوەتەوە.

وەرگێــران لە سەربنچینــەو ڕێسایەکی تایبەتی دەوەستێت چونکە وەرگێران زۆر پێویستی بە وردەکاری و شارەزایی یەوە هەیە؛ وەرگێری سەرکەوتووش ئەو کەسەیە کە بیرۆکەکەی بە ئاسانی و ڕێك ورەوانی دەگەیێنێتە گوێگری بە شێوەیەکی نزیك لە فیکرەی دەقە ڕەسەنەکە ـ پێویست نی یە وەرگێر هەموو وشەیەك بگەیەنێتە گوێگر، بەلاّم گرنگ ئەوەیە کە تام و بۆو شێوازو ڕۆحی مادە ڕەسەنەکەی پێ بگەیەنێت.

خراپترین جۆری وەرگێرانی دەقێك ئەو جۆرەیە کە بەردەوام ئەوە بە بیـر خوێنــەر دێنێتــەوە ئەو دەقــە دەقێکی وەرگێــراوە نەك ڕەســەن، وەرگێری چاك ئەوە زۆر باش دەزانێت کە خراپترین ڕێگای وەرگێران ئەوەیە کە دەقێك لە زمانێکەوە وشە بە وشە وەربگێرێتە سەر زمانێکی تر.

٤ ـ گیروگرفتی وەرگێران بە گشتی:

گەلێ گیــروگــرفتی گشتی هەن کە تووشی وەرگێــر دێن لە کاتی وەرگێــران لە ئینگلیــزی یەوە بۆ عەرەبی: ئەخوازە ئەگەر وەرگێرەکەش زمــانی دایکــزای عەرەبی نەبێ و تازە فێــرخــوازی وەرگێرانیش بێت ـ سەرەنجام هەڵەی بەربادیان لە دەست دەقەومێت. ئەوەی سەرنجی ئێمــە بۆئــەو گیــروگرفتە ڕاکێشا ئەو ڕاستی یە بوو کە ژمارەی قوتابی یە کوردە تاقی کراوەکان (١٥) کەس بوون (لە پۆلی چوارەمی ـ بەشی ئینگلیــزی ـ زانکــۆی سەلاحــەدین)؛ ئەو قوتــابیــانە داوایان لێ کرا دەقێك لە دوو دەق (یەکێکیان ئەدەبی و ئەوی تر (زانستی) بە کەیفی خۆیــان بکــەنــە عەرەبی تا بزانین چەنــد کەسیــان بە سەرکەوتوویی دەقەکان وەردەگێڕن و چەندیان تووشی هەڵە دەبن.

وەلامــەکــانیــان دووپــاتی ئەو ڕاستی یە دەکەنەوە کە گیروگرفت و هەڵەکانیان گەلێ ترسناکن و مەسەلەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیــە چونکــە هەر (١٥) قوتــابی بەرێــژەی ٤٥٪ تا ٧٥٪ی وەرگێرانەکانیان هەڵە بوو. ئەمانەی خوارەوەش هەندێ لەو هۆیانەن کە وەرگێر تووشی هەڵەی هەمە جۆر دەکەن:

یەکــەم: لەبــەر ئەوەی زۆربــەی فێرخوازەکان خاوەنی زانیاری یەکی هەمــەلایی و تەواوی ڕێســاو یاســا بنچینــەیی یــەکانی ڕێزمان ورستە سازی (هەردوو زمانەکە) نین بە زۆری وەرگێرانەکانیان کرچ و کاڵ دەردەچێت.

دووەم: بە شێــکــی هەرەزۆری فێــرخــوازەکــان تووشــی گەلــێ گیروگرفت دێن هەر کە داوایان لێ دەکرێت دەقێك لە ئینگلیزی یەوە وەربگێــرنــە سەر زمــانی عەرەبی. هەنــدێــك لەو گیــروگرفتــانــە لە ئەنجــامی (قــورسی) دەقــەکــەوە خۆی دێتــە کایەوە یان لە ئەنجامی لەوەرگێــران نە هاتنی مادەکــە، زاراوەکــانی، یان کەمی زانیــاری و پێشینــە (خلفیــەت) لە بارەی ئەو مادەیــەی کە وەری دەگێڕێت. جار وایــە لە ئەنجــامی خاڵبــەنــدی یــەوە مانــاکان لەلای وەرگێر تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێت.

سێ یــەم: زمــانی ئینگلیــزی و زمــانی عەرەبی لە چەنــدین ڕووەوە لە بەکارهێنانی ئامرازی ئەناساندن (ال)ەوە لێك جیاوازن، هەرچەندە لە هەنــدێــك لایەنیشەوە لێکچوون (واتا هاوتای وەرگێران) لە نێوان ئامــرازی ناســانــدنی عەرەبی و ئینگلیــزی یەوە هەیە بەتایبەتی لەسەر ئاستی وشەو کۆمەڵەو شەدا (گەرچی لەوەی کۆمەڵە وشەدا کەمترە)، بەلاّم قوتــابیــان هەر زۆر تووشی هەڵــەی لەم بابــەتــە دەبن. دەبێ سەرنجی قوتابیان بۆ ئەو ڕاستی یە ڕابکێشرێت کە ئەو بەگشتی کردنە لەســەر ئاستی بەرز جێگــای خۆی ناکــاتــەوە چونکــە لە زۆر باردا هاوتــای وەرگێــرانی ئەو ئامــرازەی ناســانــدنــە لەگــەڵ هاوتــای ئینگــلیــزی یــەکــەی ڕێــك ناکەوێت (یان جار وایە هاوتای نی یە) کە ئەمەش زۆربەیان تووشی گیروگرفتی بەکارهێنانی ئامرازی ناساندن دەکاتەوە.

چوارەم: لەبــەر ئەوەی زمــانی ئینــگلیــزی و زمــانی کوردی لە سەرچاوەیەکی هاو بەشەوە یەك دەگرنەوە کە ئەویش بنەماڵەی زمانی هینــدو ئەورووپی یــە وچونکە زمانی عەرەبیش سەر بە بنەماڵەی زمانی سامی یە دەبینین گەلێ جیاوازی لە نێوان زمانەکان دا هەیە. ئەمەش دەبێتــە هۆی خوڵقــاندنی گەلێ گیروگرفت لە کاتی وەرگێران دا و لە ئەنجــام دا ئەمە دەبێتە هۆی پێك نەچوون و پێك نەشیان و ناتەبایی لە نێوان ڕستەو دەستە واژەکانی هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

پێنجــەم: هەروەك ئاشکــرایــە لە زمــانی ئینگلیــزی دا گەلێ ڕستەی ناوئــاخن هەیــە کە ئەمــەش بۆ وەرگێــران زۆر ناخــۆشــە و بە ئاسانی لەگەڵ ڕستەکانی زمانی عەرەبی ڕێك ناکەوێت.

شەشــەم: لەکــاتی وەرگێــران دا بۆ سەر زمانی عەرەبی دەبێ هەندێ وشــەو ڕستــە بخــرێتــە سەر دەقــە وەرگێــراوەکــە بۆ تەواوکردنی مانای هەنــدێ ڕستــەی ناتــەواو لە زمانی ئینگلیزی دا، بەلاّم پێویــستە ئەمە زۆر بە وردی وزیــرەکی بکــرێت چونکــە ئامــرازی پێك بەستنەوە لە نێوان ڕستە ناتەواوەکاندا نی یە بۆیە دەبێ لە خۆوە وشەی وادا بنرێت کەجێ ی خۆیان بکەنەوە.

حەوتــەم: جیــاوازی یــەکی زۆر لە نێوان ڕیزبوونی وشە لە ڕستەدا لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دا هەیە، قوتابی کورد هەرکە ئەو ڕستانە لە

1- THE CREATIVE PROCESS

1

The most remarkable discovery made by scientists is science itself. The discovery must be compared in importance with the invention of cave-painting and of writing. Like these earlier human creations, science is an attempt to control our surroundings by entering into them and understanding them from inside. And like them, science has surely made a critical step in human development which cannot be reversed. We cannot conceive a future society without science.

I have used three words to describe these far-reaching changes: discovery, invention, and creation. There are contents in which one of these words is more appropriate than the others. Christopher Columbus discovered the West Indies, and Alexander Graham Bell invented the telephone. We do not call their achievements creations because they are not personal enough. The West Indies were there all the time; and as far the telephone, we feel that Bell's ingenious thought was somehow not fundamental. The groundwork was there, and if not Bell then someone else would have stumbled on the telephone as casually as on the West Indies.

2- A major headache for conference organisers , both in the Middle East and in international forums, is to find good Arabic-speaking translators and interpreters.

Fifteen years ago Arabic was scarely heard in international conferences, but since 1973 it has been an official language in all United Nations bodies , with their vast networks of committees and conferences.

Arabic is also an official language in the Organisation of Arican Unity (OAU) and the Islamic Conference Organisation, and is extensively used in the non- aligend movement.

But the training of interpreters and translators has fallen far behined the demand. And international or regional bodies are not the only cosumersof these skills . Throughout the Middle East , goverments are trying to 'Arabise ' their education systems, which means that a wide variety of text books for schools and universities need to be translated into Arabic.

ئینگلیزی‌یەوە دەکاتە عەرەبی بە کوردی بیر دەکاتەوە وشەکان بە کوردی لە مێشکی خۆی لێك دەداتەوەو بە پێی ڕێزمانی کوردی لە مێشکی خۆی ڕیزیان دەکات. ئەمەش کار لە وەرگێرانەکە دەکات و بە زمانێکی عەرەبی (بەکوردی دارێژ راو) نووسینەکە دێتەبەرچاو (وەك پاشتر نموونەی لەم جۆرە دەبینین)

هەشتەم: دانانی سەروبۆروژێروزەنە پێویستی بە شارەزایی هەیە لە زمانی عەرەبی‌دا. ئەوەش بەدەگمەن لە قوتابی کورددا بەرچاو دەکەوێت.

نۆیەم: گرنگیی گۆڕانە زمانەوانی‌یەکانی زمان لەکاتی وەرگێراندا دەوەستێتە سەر ڕادەی شارەزایی و پسپۆری وەرگێر لە پێکهاتووە زمانەوانی‌یەکان و گۆڕانیان لە هەردوو زمانە وەرگێراوو بۆ وەرگێراوەکەدا.

دەیەم: جیاوازی دەنگ لەنێوان زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی‌و کوردی‌دا.

یانزەهەم: گیروگرفتی تاك و کۆ لەنێوان زمانی ئینگلیزی‌و عەرەبی‌دا دەبێتەهۆی ڕوودانی گەلێ هەڵەی جۆربەجۆر لەکاتی وەرگێران دا. (بڕوانەی برگەی ٦)

دوانزەهەم: گیروگرفتی نێرومێ (٢) و لێك جیاکردنەوەیان لە زمانی عەرەبی‌دا، ئەوەی ئەوگیروگرفتە پتردەکات نەبوونی نێرومێ‌یە لە زمانی ئەدەبی کوردی‌دا (مەبەستم لە شێوازی شێوەزاری کرمانجی خواروو)ە. هەر ئەمەشە وا لە قوتابی کورد دەکات بەهەمان چاو تەماشای هەموو وشەکان بکات؛ لەپاڵ ئەوەش دا لە عەرەبی‌دا وشەی وا هەیە کە لە ئینگلیزی‌دا نێرە یان مێیەو لە عەرەبی‌دا بە پێچەوانەوەیە. (وەك وشەی مانگ (القمر) کە لە عەرەبی‌دا نێرەو لە ئینگلیزی‌دا بەپێچەوانەیە؛ جا لەبەرئەوەی ئەوانە ئامرازی نێرو مێیان پێوە دیار نی‌یە یان تەنانەت ئامرازی (جمع تكسير)یشیان پێوەنی‌یە قوتابی سەری لێ دەشێوێت و هەڵەی ناقۆڵا دەکات.

سیانزەهەم: گیروگرفتێکی دی ئەوەیە کە لە زمانی عەرەبی‌دا دوخی (المثنى) هەیەو لە زمانی کوردی‌دا ئەوە نی‌یە، خۆ ئەوە لە زمانی ئینگلیزیش دا زۆر دەگمەنە.

چوارده‌هەم: گیروگرفتی هەبوونی دوخی (نصب ورفع وجزم) لە زمانی عەرەبی‌دا نەبوونیان لە زمانی ئینگلیزی‌و کوردی‌دا وەك (أثنتان ـ أثنين) و ناخۆشی لێك جیاکردنەوەیان.

٥ ـ ئەو دەقانەی درابووە قوتابی‌یە کوردەکان بۆ وەرگێران لە ئینگلیزی‌یەوەبۆ عەرەبی.

تێبینی: زۆربەی قوتابیەکان پارچەی ژمارە (١) یان هەڵبژاردووە بۆ وەرگێران چونکە پارچەی یەکەم زانستی‌یەو لە زمانی زانستیش دا وشەو دەستەواژە مانای دیارو ئاشکرا بەخۆوە دەگرێت، بەڵام لە دەقی ئەدەبی یان دەقی ڕۆژنامەیی (وەك دەقی پارچەی دووەم)دا وشەو دەستەواژەکان پتر لە مانایەکیان دەبێت و بەم جۆرە وەرگێر تووشی سەرلێ شێوان دەبێت. وەك پێشتریش گوترا ئەوانە تازەفێرخوازن و لە مەیدانی وەرگێران دا شارەزا نین بۆیە باشیان کردووە کە پارچەی یەکەمیان هەڵبژاردووە. کەچی تەنیا یەك (١) قوتابی پارچەی دووەمی هەڵبژاردووە. چونکە دەقەکە بە زمانێکی تایبەت بە ڕۆژنامە نووسراوە کە ئەمەش تەنها وەرگێری شارەزا دەوێرێت خۆی لێ بدات چونکە زمانی ڕۆژنامە زمانێکی کورتبڕی پڕ وردەکاری‌و ڕەوانبێژی‌یە ـ وشەو دەستەواژەکان لەبەر زەینی قوتابیان نامۆیەو ڕەنگە وشەو دەستەواژەکانی ناوپارچەی دووەم بە ڕێکەوتیش نەبێ نەهاتبێتەرێی ئەوان.

٦ ـ نموونەی هەڵەی وەرگێرانی قوتابی‌یە کوردەکان.

هەڵەی قوتابیان گەلێك زۆرە، زۆربەشیان چەند بارە بوونەتەوە. هەر بۆیەشە ئێمە بڕیارمان دا بەسەر چەند کۆمەڵەیەك دابەشیان بکەین کە هەر کۆمەڵەی تایبەتە بە یەك جۆرە هەڵە.

یەکەم: هەڵەی نێرومێ: ئەم گیروگرفتە بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو تووشی قوتابی کورد دێت لەکاتی وەرگێران لە ئینگلیزی‌یەوە بۆسەر زمانی عەرەبی (بەتایبەتیش ئەو قوتابیانەی کە خوێندنیان بەکوردی بووە، چونکە لەزاری کرمانجی ژووروودا کە زاری نوسین و زمانی ئەدەبە بەهیچ جۆرێك نێرومێ بەرچاوناکەوێت کە ئەمەش وا لە قوتابی کورد دەکات بەرامبەر ئەودیاردە نوێیە دابمێنێت و سەری لێ دەرنەکات. هەڵەکانیش بەم جۆرەی خوارەوەن (بۆدەرخستنیان لەناو کەوانەم داناون:

هەڵە

---

١ ـ ان العلم (هي) من اكثر اكتشافات أهمية (رقم١)

٢ ـ يوجد محتويات (الذي يكون فيه) هذه الكلمات. (=)

٣ ـ ان العلم (لهـا) دورمهم في تطـويـر الأنســان التي لايمكن الأستغناء (عنها)

٤ ـ لقد استعملت (ثلاثة) كلمات

٥ ـ مشروع العمل (كانت موجودة)

٦ ـ لانسمي هذه المنجـرات بالخلق، (لأنـه) لم تكن كافيـة على الصعيد الشخصي)
٧ ـ ان من اهم الأكتشافات (الذي) صنع من قبل العلماء . . .
٨ ـ وتضمن كل واحد من هذه الكلمات مغزى ذو أهمية حيث ان (واحد) من هذه الكلمات أوضح من (اخر)
٩ ـ في الشرق الأوسط الحكومة (يحاول تعريب (نظامهم) الثقافي (رقم٢)

راستی

---

١ ـ ان العلم هو من اكثر الأكتشافات العلمية أهمية .
٢ ـ هنالك محتويات تكون فيها احدىٰ هذه الكلمات .
٣ ـ ان للعلم دور مهم في تطوير الأنسان ولا يمكن الأستغناء عنه .
٤ ـ لقد استخدمت ثلاث كلمات
٥ ـ وكان مشروع العمل موجوداً .
٦ ـ نحن لانسمي هذه المنجزات خلقـاً (أو ابداعاً) لانها لم تكن كافية على الصعيد الشخصي
٧ ـ ان اهم اكتشاف قام به العلماء .
٨ ـ . . . احدىٰ هذه الكلمات اكثر ملائمة من الأخرىٰ .
٩ ـ تحاول الحكومات في دول الشرق الأوسط تعريب مناهجها التعليمية .

دووەم: هەڵـە لە ئامـرازی ناساندن (ال) دا. قوتابی کورد بە زۆری تووشی ئەم هەڵـەیـەش دەبێت چونکـە لە زمـانی دایکـزای‌دا ئەمـە دەگمەنە. ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن:

هەڵە

---

١ ـ ان اشهر (اكتشافات) العلمية (رقم ١)
٢ ـ ان العلم من اكثر (اكتشافات) أهمية (=)
٣ ـ يحاول العلم ان يسيطر على الأشياء التي حولنا (بدخول) اليها
٤ ـ (الرسومات) الكهف . . .
٥ ـ لأنه لم تكن كافية على (صعيد الشخصي)
٦ ـ ان اهم (الأكتشاف) التي استكشف من قبل العلماء هو العلم نفسه
٧ ـ لقد استخدمت ثلاث كلمات لوصف هذه (اختلافات)

الصعبة . .

راستی

---

١ ـ ان اشهر الأكتشافات العلمية . . .
٢ ـ ان العلم نفسه هو من اكثر الأكتشافات العلمية أهمية .

٣ ـ يحاول العلم أن يسيطر على الأشياء التي تدور حولنا وفهم جوهرها .

٤ ـ رسومات الكهوف . . .
٥ ـ لأنها لم تكن كافية على الصعيد الشخصي .
٦ ـ ان أهم اكتشاف من قبل العلماء هو العلم نفسه
٧ ـ لقد استخدمت ثلاث كلمات لوصف هذه الأختلافات الشاسعة .

سێیەم: تاك و کۆ:
قوتـابی کورد زۆر جار تووشی هەڵـەی (تـاك وکۆ)ش دەبێت هەروەك لەو نموونەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

هەڵە

---

١ ـ أنا يستعمل (ثلاث) حرف

راستی

---

١ ـ استخدمت ثلاثة أحرف

تێبینی: ئەگەر هاتوو ناوەکە نێربێت وژمارەکە لە (٣ ـ ١٠)بێت ئەو (ة)ی مێ دەکەوێتە سەر ژمارەکە خۆی، بەڵام ئەگەر ناوەکەی دوای ژمـارەکـە مێ بێت ئەو (ة)ە لەسـەر ژمـارەکـە لادەبەین وەك (عندي ثلاثة رجال)و (عندي ثلاث نسوة)

چوارەم: هەڵەی کارتێکردنی زمانی دایکزا:

هەندێ هەڵەی دیکەی جۆربەجۆر هەن کە تووشی قوتابی کورد دەبێ لە ئەنجـامی ئەوەی بە زمـانی دایکـزای بیـردەکاتەوە، چونکە هەمـوو مرۆڤێـك پێش ئەوەی مادەیەك وەربگێڕێتە سەر زمانێکی دی بە زمانی دایکزای بیردەکاتەوە، وەرگێڕی شارەزا دەتوانێ زوو بە زوو

خۆی لەم گیروگرفته دەرباز بکات، وەك هەمووشمان دەزانین زمان لەلایەن دەروون ناسەکانەوە بە جۆرە عادەتێك دادەنرێت بۆیە لەکاتی وەرگێراندا دەبینین ئەو عادەتە بەبێ ئاگاداری بەسەر قوتابیەکەدا زاڵ دەبێت. ئەوەش تووشی ئەو هەڵانەی خوارەوەی دەکات:

أ) هەڵەی جێگای کردار لە رستەدا: هەروەك ئاشکرایە کە کردار لە زمانی کوردیدا بەزۆری دەکەوێتە دواوەی رستە، بەڵام لە عەرەبیدا بە پێچەوانەیەوە دەکەوێتە سەرەتای رستەو لە ئینگلیزیدا دەکەوێتە پاش بکەر (subject). بۆیە قوتابیی کورد بە زۆری تووش ئەم هەڵە باوەدەبێت وەك لەم رستانەی خوارەوە دەردەکەوێت (ئەوەی جێگای سەرنج دانە هەموو قوتابیەکان ئەم هەڵانەیان کردووە):

هەڵە

١ ـ في الشرق الأوسط الحكومة (يحاول) تعريب نظامها الثقافي (قطعة رقم ٢)
٢ ـ كريستوفر كولومبس (اكتشفت)...
٣ ـ والكسندر گراهام بيل (ابتكرت) التلفون
٤ ـ والمترجمين (يقع) بعيداً عن المقصود

راستی

١ ـ تحاول الحكومات في دول الشرق الأوسط تعريب مناهجها التربوية
٢ ـ اكتشف كريستوفر كولومبس...
٣ ـ واخترع الكسندر گراهام بيل جهاز الهاتف
٤ ـ الا ان تدريب المترجمين والمترجمين الفوريين لم يلب الحاجة.

ب) هەڵەی مامەڵەکردن لەگەڵ جێ ناوە عەرەبییەکان: زۆربەی قوتابییە کوردەکان کە مامەڵە لەگەڵ جێ ناوی عەرەبی دەکەن تووشی هەڵە دەبن ونازانن دۆخی کردار چۆنی لێدێت ئەمەش گەلێ جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە ئەوان نازانن نێرو مێ لێك جیابکەنەوە، ئەوانەی خوارەوەش هەندێ لەو هەڵانەن:

هەڵە

١ ـ نحن لا (يستطيع) تؤمن المستقبل المجتمع بدون العلم (قطعة ١)
٢ ـ أنا (يستعمل) ثلاثة حرف

راستی

١ ـ نحن لانستطيع تأمين مستقبل المجتمع بدون العلم.
٢ ـ استخدمت ثلاث احرف.

د) هەڵەی ناوی وڵات وجێگاوشوێن: هەندێ ناوی وڵات هەن تایبەت بە زمانی کوردیو لە زمانانی تری دونیا بە شێوەیەکی دی دەردەبرێن. بۆ نموونە کورد بە وڵاتی هیند دەڵێ (هیندستان)و بە وڵاتی کورد دەڵێ (کوردستان) و بە وڵاتی ئینگلیز دەڵێ (ئینگلستان)و بە وڵاتی جۆرجیا دەڵێ (گورجستان)وهتد کە هەر ئەوەشە وای لێ کردووە بەم ناوانە ڕابێ وچۆنی پێ ڕاهاتووە لەکاتی وەرگێران دا بۆ عەرەبی وا دەنووسێ، کە ئەمانەش چەند نموونەیەکن:

هەڵە

١ ـ كريستوفر كولومبس اكتشف غرب (هندستان)

راستی

١ ـ اكتشف كولومبس جزر الهند الغربية

لە ئەنجام دا دەگەیتە ئەو ڕاستییەی کە:
١ ـ ژمارەی قوتابیە کوردەکان کە بە وەرگێران هەڵسان (١٥) کەس بوو.
٢ ـ ژمارەی ئەو قوتابیە کوردانەی خوێندنیان لەناوچەی کوردی نەبووە (١) کەسە هەڵەکانیشیان بەم جۆرەبوو:
١ ـ ژمارەی هەڵەی ئامرازی ناساندن (ال) لەسەرجەمی قوتابیان دا (٢٤) هەڵەبوو.
٢ ـ ژمارەی هەڵەی نێرومێ لەسەرجەمی قوتابیان دا (٢٧) هەڵەبوو
٣ ـ ژمارەیهەڵەی تاك وكۆ لەسەرجەمی قوتابیان دا (٩) هەڵەبوو.
٤ ـ ژمارەی ئەو هەڵانەی لەژێرکارتێکردنی زمانی کوردییەوە لەسەرجەمی قوتابیان دا (٢٨) هەڵەبوو

سەرجەمی هەموو ئەو هەڵانەی هەر (١٥) قوتابی کردوویانە (٨٨) هەڵەبوو کەواتە نزیکەی هەر قوتابیەی شەش هەڵەی بەلای کەمەوە کردووە کە ئەمەش وادەگەیەنێت کە هیچ یەکێکیان نییە ڕستەیەکی بێ هەڵەی نووسیبێت.

٧ ـ چارەسەری و پێشنیاز:

یەکەم: مامۆستای مادەی وەرگێران بەتایبەتیش لەبەشەکانی وەرگێرانی کولیژی ئاداب دا کەلێرەدا تەوەرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێویستە تاقی کردنەوەیەکی بەرایی بەنووسین پارچەیەکی هەڵبژاردەیان بۆ وەرگێران پێبدات تا شارەزایی جیاوازی ئاستی زانستی قوتابیان بێت بەتایبەتی لەمەیدانی وەرگێران داو بزانێت تاچ ڕادەیەك بەسەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا زاڵن ئینجا ئەو بابەت و ڕەگەزانە دەست نیشان بکات کە لە زمانی دایکزایان دا نییەو پێ لەسەر ئەو ڕەگەزانە دابگرێت بەدرێژاییساڵی خوێندن، هەروا ڕاپۆرتی ناوبەناو لەبارەی ئاستی زانستیان پێشکەش بە سەرۆکی بەش بکات تاوەکو باش و خراپەکان لێك هاوێر بکرێن. لەپاڵ ئەمەش دا دەبێ هەوڵی چارەکردنی هەڵەوچەوتی بدرێت لە قۆناغە سەرەتاییەکانەوە بەرلەوەی ڕەگ لەمێشکی قوتابیان دابکوتن یان زیانی پێ بگەیەنن، چونکە ئەگەر لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام بوون ڕۆژێك هەر دادێت واز لەمەیدانی وەرگێران بێنن دوای ئەوەی دەکەونە بەر نەشتەری ڕەخنەو گومان لێ پەیداکرن لەمەیدانی وەرگێران دا. چونکە وەرگێران لێزانی و شارەزایی زمانە بەشێوەیەکی ورد. جا ئەو قوتابیەی کە زمانی دایکزای عەرەبی نییە ڕەنگە زۆر بەتوانا بێت لە مەیدانی وانە گوتنەوەی زمان یان بەئینگلیزی دوان دا، بەڵام زۆر جار نابێتە وەرگێرێکی سەرکەوتوو لەبەر نەزانین و دەست نەشکان بەسەر زمانی بۆ وەرگێرراو (Target Language) وەك دەشگوترێت زمانی عەرەبی دەریای زانستەو زمانێکی زۆر کۆنەو تەنانەت ئەوانەی زمانی دایکزاشیان عەرەبییە تووشی هەڵەی جۆر بەجۆر دەبن لە مەیدانی زمان دا، ئەی دەبێ حاڵی ئەوانەچۆن بێت کە عەرەبی زمانی خۆیان نییە.

زۆر جار ژمارەیەك قوتابی کورد زمان لەبەشەکانی وەرگێران لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی وەردەگیرێن ـ ئەوەش لەبەر ئەوەیە نمرەکانی بەکالۆریایان بەرزە، بەڵام زۆربەیان تووشی گەلێ گیروگرفت دێن لەو بەشانەدا، بەتایبەتیش، ئەوانەی کە لەقسەکردن و نووسینی عەرەبیدا باش شارەزانین چونکە ئەوانە بەکوردی خوێندوویانە یان لەو ناوچانە دانیشتوون کە بە کوردی دەدوێن. چەندین بابەتی وا لەبەشی وەرگێرانی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی موستەنسرییەدا لەساڵانی (١٩٨٧ ـ ١٩٨٨)دا ڕوویدا ـ گەلێ قوتابی کورد نەیان توانی لە تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵ دەربچن، ئەمەش وای لە هەندێکیان کرد لەو بەشە دەربکرێن و ناچار کران بچنە بەشی نزمتر وەك بەشەکانی دەروون ناسی و پەرتووکخانەو کارگێری و ئابووری و هیدی هەرکە لەنیوەی پتری مادەکانیان دەکەوتن، سەرباری ئەوەش ئەوساڵەیان بە (کەوتن) بۆ دانراو ناچاربوون ساڵی دووەم لەقۆناغی یەکەمەوە لەبەشێکی دیدەست پێ بکەنەوە.

کەچی ئەوانەی تر کە لەنیوەی کەمتری مادەکانیان کەوتبوون مافی ئەوەیان پێدرا کە لەخوێندن بۆ ساڵێکی تر لەهەمان بەش دابمێننەوە، ڕەنگە سەرەنجامی ئەوانیش هەر وەکو دەستەکەی پێشوو بێت و بکەونەوەو لەزانکۆ بە دەربنرێن و ئاواتی ساڵەهایان مایەپووچ بێ.

هەربۆیەشە ئەوە پێشنیازمانە کەشان بەشانی بەشی وەرگێران لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی و بەپێچەوانەوە، بەشێکیش بۆ وەرگێران لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی و بە پێچەوانەوە لەیەکێك لەزانکۆکانی وڵات بکرێتەوە، واش بەباش دەزانین ئەو بەشە سەر بەکولێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین بێت چونکە ڕەنگە ئەو قوتابیەی کە لە وەرگێرانی ئینگلیزی بۆ عەرەبی سەرنەکەوتووە لەپاشە ڕۆژدا ببێتە وەرگێرێکی لێهاتووی ئینگلیزی ـ کوردی.

دووەم: تاقی کردنەوەی سەلامەتی زمان و گۆکردن بەعەرەبی پێش ئەوەی قوتابیان لەبەشی وەرگێران وەربگیرێن شتێکی یەکجار پێویستە؛ هەروەها ژمارەی ئەوانەی کە زمانی دایکزایان عەرەبی نییە دەبێ یەکجار کەم بکرێتەوە چونکە وەك بینیمان لەکاتی وەرگێران دا گەلێ گیروگرفت دێتە پێشەوە کە تەنها عەرەب زمانەکان برێکیان پێ چارەسەر دەکرێت.

سێیەم: ئەگەر هاتوو هەر ناچار بووین کە ئەوانەش وەربگیرێن کە زمانی دایکزایان عەرەبی نییە پێویستە لەوانە وەربگیرێن کە نمرەی بەرزیان بەدەست هێناوەو دەبێ بۆ ماوەیەکیش بخرێنە دەورەی فێربوونی زمانی عەرەبی بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی کە بەکوردی

خوێنـدوویـانـەو عەرەبی کەم دەزانن و بەهیچ جۆرێك بەشێوەیەکی ڕاستـەوخـۆ تێکـەڵاویـان لەگەڵ عەرەبی دا نەبووە بەڵام نمرەکانیان خۆو بەخت ئەوانی فڕێداوەتە بەشی وەرگێران .

چوارەم : هەروەك لەســەرەوە باسمــان کرد بەرلـەوەی تاقی کردنەوەی بەنــووسین و بەزارەکی بە وقــوتـابیــانـە بکـرێت وئەوەش بەهێنـد هەڵبگیـرێت کە نمـرەکـانیان لەهەردووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە (٨٠) کەمتـر نەبێت وخـاوەنی زەخیرەیەکی گەورەی زمانەوانی بن و دەرچووی بەشی ئەدەبی یش بن و ئارەزوویەکی زۆریشیان لەبەشی وەرگێـران دا هەبێت . ئینجـا ئەگەر ئەو قوتابییە ئەو هەموو مەرجانەی سەرەوەی تێــدا هەبــوو مافی ئەوەی هەیـە لەبـەشی وەرگێـران وەر بگیـرێت دەنـا بە هیچ جۆرێك ناتوانێت بەسەر گیروگرفتی وەرگێران زاڵ بێت .

پەراوێز

١) بـەپێـویستی دەزانین کە هەندێك لەو وشانەی لەعەرەبی‌دا بەنێریان مێ یان بە هەردووبـار دێن روون بکـەینـەوە چونکـە زۆر بـەی قوتابیان لەوانەدا بەهەڵەدا دەچن و نێرە بەمێ ومێ‌بەنێر دادەنێن .

أ) ئەو بەشانەی لەشی مرۆڤ کە لەعەرەبی‌دا هەر بەمێ دادەنرێن :

١ ـ العین ٢ ـ الأذن ٣ ـ الأصبع ٤ ـ الرجل (القدم) ٥ ـ الـسن

ب) ئەو بە شانەی لەشی مرۆڤ کە بەنێرومێ دادەنرێن :

١ ـ (أ) اللـسـان (نێر)

ب) اللسـان (مێیە کە لە هۆنراوەدا بەکاردێت)

ج) ئەو شتانەی کە بەگشتی بەنێرومێ بەکاردێن :

١ ـ الـسکین (بەزۆری نێرە بەڵام جارجارەش بەمێ بەکاردێت)

٢ ـ الطریق

٣ ـ الـسوق

٤ ـ الـسماء

٥ ـ الذهب

د) ئەو شتانەی بەگشتی بەمێ بەکاردێت :

١ ـ النار ٢ ـ الدار ٣ ـ الشمس ٤ ـ اسماء الریح

هـ) نێرومێ بەگشتی :

١ ـ الحیة ٢ ـ الجراد

و) ناوی وڵاتان کە بەنێریان مێ بەکاردێت :

١ ـ العراق (نێر)

٢ ـ مصر (مێ)

٣ ـ بغداد (نێرومێ)

سەرچاوەکان

1 - J.C. Cateford, ALinguistic Theory of Translation, (Oxford; Oxford University Press, 1978)

٢ ـ ابی بکـر محمـد بن القـاسم الأنبـاري، المـذکر والمؤنث، تحقیق الدکتور طارق عبد عون الجنابي جـ١ ،جـ٢ (بیروت : دار الرائد العربي، ١٩٨٦)

3 - C.K. Ogden and I.A.Richards, The Meaning of Meaning, (Londn: Kegan Paul, 1944)

4 - Geoffrey Leech, Semantics, (Middlesex: Penguin Books, 1978)

5 - A. Eugene Nida, Towards a science of Translating, (Leiden: E.J. Brill, 1964)

6 - T.H. Savory, The Art of Transl ation, (Oxford: Alden Press, 1959)

7 - P. Newmark, Approaches toTranslation, (Oxford: Pergamon Press, 1982)

خلاصة البحث

مشاكل الترجمة من الأنگليزية الى العربية
بالنسبة للطلبة الأكراد

وريا عزالدين علي
ازاد حمه شريف
كلية الأداب/ جامعة صلاح الدين - أربيل

يهدف هذا البحث الى دراسة مشاكل الترجمة من الانكليزية الى العربية التي تواجه الطلبة الأكراد عندما يقومون أو يكلفون بمهمة ترجمة نص أو موضوع معين من اللغة الاصلية (الانكليزية) الى اللغة العربية وكذلك البحث عن السبل الكفيلة بمعالجة ذلك وايجاد الحلول المناسبة لها، وقد تم تقسيم البحث الى المحاور الرئيسية التالية:

١ - المقدمة

٢ - الدراسات السابقة

٣ - متطلبات الترجمة الصحيحة ومؤهلات المترجم.

٤ - مشاكل وصعوبات الترجمة بصورة عامة بالنسبة للطلبة الأكراد.

٥ - دراسة وتحليل لنماذج من النصوص المختارة والتي قامت بترجمتها مجموعة من طلبة قسم اللغة الانكليزية في كلية الاداب جامعة صلاح الدين في المرحلة الرابعة. وفي هذا المحور ظهر بأن معظم أخطائهم تكمن في حالات التذكير والتأنيث لعدم وجودها في لغة الأم (الكردية الفصحى) وكذلك حالة التثنية واستخدام (ال) التعريف ثم تأثير اللغة الكردية على النص المترجم الى اللغة العربية حيث يقع الطالب تحت تأثير لغته عند الترجمة. وكانت نسبة الأخطاء كثيرة تقدر بـ٤٥٪ - ٧٥٪ بصورة عامة الامر الذي يتطلب معالجة سريعة وخاصة في المناطق المشمولة بالدراسة الكردية.

٦ - وفي حقل المعالجات والحلول والمقترحات تم تقديم الحلول والمعالجات المناسبة لتجاوز هذا الخلل مستقبلاً مما يؤهل الطلبة الأكراد بالقيام بمهمة الترجمة دون أية صعوبة تذكر في هذا المجال.

ومن المقترحات فتح قسم للترجمة من الانگليزية الى الكردية جنباً لجنب مع الترجمة من الانگليزية الى العربية وبالعكس في الجامعات، ومن المفضل فتح القسم المذكور في كلية الآداب بجامعة صلاح الدين. وبذلك فأن الطالب الذي يفشل في الترجمة من العربية الى الانگليزية أو بالعكس يمكنه ان يصبح مترجماً قديراً في الترجمة من الانگليزية الى الكردية.

ومنها: اجراء إمتحان سلامة اللغة العربية والتكلم بها لطلاب قسم الترجمة. وقبول الطلاب من ذوي الكفاءة في العربية ومن الحائزين على درجات عالية. وفتح دورات تقوية اللغة العربية للطلبة الاكراد المقبولين في قسم الترجمة.

٧ - المصادر